


لە عەرەبییەوە: سابیر عەبدوڵلا کەریم

ڤیسواڤا شیمبۆرسکا شاعیرو نوێژەرو وەرگێڕێکی «پۆڵەندی»ە لە دووی مانگی ئەموزی ساڵی ١٩٢٣ لەدایکبووە. شیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئەدەبدا پێبەخشرا و لە مانگی شوباتی ٢٠١٢دا کۆچی دوایی کردووە.

کارەکانی شیمبۆرسکا سەبارەت بە دوو بابەتی سەرەکی دەدوێن، کە بریتین لە جەنگ و تیرۆریزم، بەو هۆیەشەوە بەرهەم و کارەکانی لەناو پۆڵەندا کێبڕکێیان لەگەڵ ئاسنی فرۆشی کارەکانی گەورەترین نووسەرو ئەدیبەکانی ئەو وڵاتەدا کردووە، سەرەرای ئەوەی، کە شیمبۆرسکا لە قەسیدەیەکیدا بە ناونیشانی (شتێک وەک شیعر) ڕایگەیاندووە، کە دوو کەس هەن لەنێوان هەزار کەسدا بە کردار گرنگی بە هونەر دەدەن. شیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٩٦ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئەدەبدا پێبەخشرا، چونکە شیعرەکانی لە چوارچێوەی وردی و جوانییەکی بێهاوتادا توانیان ڕاسنیە خۆیی و مێژووییەکان لە شێوەی ئازارە مرۆییەکاندا بەرجەسنە بکەن و دەرییان ببڕن.

شیمبۆرسکا هەمیشە چەند شێوازێکی ئەدەبی وەک گاڵتەجاڕی و ڕەخنەگرتن و لێدوانی هەڵێنجراوی بەکارهێناوە، بۆئەوەی تیشک بخاتە سەر بابەتە هەستیارو فەلسەفییەکان. قەسیدە کورتەکانی شیمبۆرسکا بەزۆری کێشەو ئاریشە گەورەکانی بوون تێدا ئامادەییان هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە دەستی بردووە بۆ ئەو بابەتانەی کە بەهایەکی ئاکارییان هەیە و ڕەنگدانەوەن بۆ بارودۆخی مرۆڤ وەکو تاک و وەک ئەندامێک لەناو کۆمەڵگەدا. کارەکانی شیمبۆرسکا بە هەڵێنجان و تێڕامان لە ناخ و ناواخنی شتەکان و هەبوونی گیانی گاڵتەوگەپ ناسراوە. شیمبۆرسکا وەکو شاعیرێک ناوبانگی خۆی لە ڕێگەی کۆمەڵێکی کەم لە کارەکانییەوە پەیدا کرد، چونکە کارەکانی تاوەکو ئەمڕۆ سنووری (٢٥٠) قەسیدەی تێنەپەڕاندووە، بەڵام لە ناوەندە ئەدەبییەکانی پۆڵەنداوە بەرز دەنرخێنرێن.

هەندێک لە کارو بەرهەمەکانی شیمبۆرسکا کراونەتە کاری مۆسیقی و نووسینەکانی وەرگێڕاونەتە سەر چەند زمانێکی وەک: ئەورووپی و عیبری و عەرەبی و ژاپۆنی و چینی. لە کاتی هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانیدا شیمبۆرسکا لە ڕێگەی وەرگرتنی وانەی تایبەتیەوە بەردەوام بوو لەسەر خوێندن و لە هێڵی شەمەندەفەردا کاریکردو زۆر بەتوندی لەدژی گواستنەوەی بۆ ئەڵمانیا وەستایەوە، کە بڕیار بوو تاوەکو لە سیستمی پەنابەراندا کاربکات، کە لە سۆغرە دەچوو. لەو ماوەیەدا وەکو هونەرمەند دەستی بە کاری کێشانی ئەو وێنانە کرد، کە ڕێگەیەک بوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کتێبە فێرکارییانەی بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوون.

لە ساڵی ١٩٤٥دا شیمبۆرسکا زمان و ئەدەبی پۆڵەندی خوێند، پاشان بواری خوێندنەکەی گۆڕی بۆ زانستی کۆمەڵناسی و لەناو زانکۆدا توانای سەلیقەی خۆی وەکو نووسەرێک لە ناوەندی ناوخۆیی دەرخست، لە هەمان ساڵدا یەکەم قەسیدەی لەژێر ناونیشانی (بەدوای جیهاندا دەگەڕێم) لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا بڵاوکردەوە و دوایی بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی قەسیدەکانی لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەدا. لە ساڵی ١٩٤٨دا شیمبۆرسکا ناچارکرا خوێندنەکەی جێبهێڵێ، بەهۆی کاریگەری چەند بارودۆخێکی مادی قورسەوە، بێئەوەی بڕوانامەکەی بەدەستبهێنێت. لە هەمان ساڵدا لەگەڵ ئادەم فلۆدکدا هاوسەرگیری کرد، بەڵام هاوسەرگیریەکەیان تەنها (٦) ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا وەکو یارمەتیدەر لە گۆڤارێکی فێرکاریدا کاریدەکرد، کە مانگی دووجار دەردەچوو، هاوکات کاری وێنەکێشانیشی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٣ لە سەردەمی ستالینیدا شیمبۆرسکا لە پرۆسەی ناوزڕاندنی قەشە کاسۆلیکەکان لە پۆڵەندا بەشداریکرد، کە سیستمی سوسیالیستی دەسەڵاتدار بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕاستەقینە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەریاندا سەپاند، بەڵام بەهەرحاڵ بەهۆی مردنی ستالینەوە، سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ نەکرا. بڕیار بوو، یەکەم کتێبی شیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٤٩دا چاپ بکرێت، بەڵام ڕێگەی بە چاپکردنی نەدا، بەو بیانووەی کە لەگەڵ کەشوهەوای سۆسیالیستی یەکناگرێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش شیمبۆرسکا لە کتێبەکانیدا بەردەوام بوو لەسەر پیاهەڵدانی لینین و ستالین و شیوعیەت، بۆ نموونە وەک لەو قەسیدەیەدا، کە لە یەکەمی کۆمەڵە شیعریدا بە ناونیشانی (لینین) بڵاویکردەوە، چونکە دەیوت «ئێمە لەپێناوی ئەمەدا دەژین».

لە ساڵی ١٩٥٣دا چووە ڕیزی ئیمی گۆڤارێکی تایبەتمەند لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ناوی (ژیانی ئەدەبی) بوو، تاکو ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ ئەو تیمەدا کاریکردو لە ماوەی تەنها ساڵێکدا گۆشەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو لەو گۆڤارەدا بەناوی (خوێندنەوەیەکی ناپابەند) و زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی لەو ماوەیەدا بە شێوەی کتێب بڵاوکرانەوە، پاشان بەشداری بەرچاوی لە چەندین گۆڤاری دیکەدا کرد و هەموو هەوڵەکانی لەبواری دژایەتیکردنی ڕژێمی دەسەڵاتداردا چڕ بێوە.

ساڵی ١٩٥٧دا پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆژنامونووسێک لە ڕۆژنامەی (کۆلتورا) پەیدا کرد کە لە پاریس دەردەچوو، پاشان بەشداری تێدا کردو لەو ماوەیەدا گرنگی دەدا بەبەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی سیستمی شیوعی بۆ کپکردنی ئازادیی بیروڕا، پاشان شیمبۆرسکا چووە ڕیزی حزبی یەکگرتووی کرێکارانی پۆڵەندا، هەرچەندە وەکو زۆرێک لە بیرمەندە پۆڵەندییەکانی دیکە دەستبەرداری بیروباوەڕی شیوعیەت بوو، بەڵام تاکو ساڵی ١٩٦٦ وازی لە ئەندامێتی حزبەکە نەهێنا و کاری لەگەڵدا کرد.

**ـ سەرچاوە:**

پاشکۆی (اوراق)ی دەزگای (المدى) ، ژمارە (٢٨٧٤) - ٢٠١٣/٨/٢٥